# ڕەشبەڵەکی ژیان

# ڕەشبەڵەکی ژیان

(شێعر)

عومەر محەممەدی (مەزهەر)

١٣٩٥

ناوی کتێب: ڕەشبەڵەکی ژیان

شاعیر: عومەر محەممەدی (مەزهەر)

پیتچن: محەممەدئەمین شاسەنەم

ڕووبەرگ: سامان محەممەدی

چاپ: یەکەم، ١٣٩٥

ئەژمار: ١٠٠٠ دانە

نرخ:

## ناوەرۆک


پێشەکی ........................................... ٩

موناجات ........................................... ١٤

کیژی لادێ ........................................... ١٦

تەرمی دڵ ........................................... ١٨

کوردستان تۆی خۆشەویستم ........................................... ١٩

نفرەت لە تۆ ........................................... ٢٢

ئەمن کەسێ نیم ........................................... ٢٤

جەمۆغە ........................................... ٢٦

داوا ........................................... ٢٩

پێش مردنم ........................................... ٣١

ئەوینی ئەوڕۆ ........................................... ٣٣

گوڵی هیوا ........................................... ٣٥

بە خۆت مەنازە ........................................... ٣٦

دڵی گۆڕاو ........................................... ٣٨

جێژنی ڕەمەزان ........................................... ٤٠

ڕەشپۆش ........................................... ٤٢

فەلەک ........................................... ٤٤

سێحری پەنجە ........................................... ٤٧

ویژدانی نوستوو ........................................... ٥٠

ئەوینی کوردستان ........................................... ٥٣

جوانی بێ وێنە........................................................ ٥٥
بێزارم لێت ............................................................ ٥٧
خەیاڵی خاو ........................................................... ٦١
ڕەنجی بێسەمەر ........................................................ ٦٣
خۆزگە.................................................................... ٦٧
نێچیر و ڕاوچی ......................................................... ٦٩
پیرەڕێوی................................................................. ٧٣
چوارخشتەکی .......................................................... ٧٩
ڕەشبەڵەکی ژیان ....................................................... ٨٢
من وەک تۆ نیم ........................................................ ٨٣
شەوانی بێ تۆیی........................................................ ٨٥
شێتی ..................................................................... ٨٨
شەوێکی نامۆ............................................................ ٩١
جوانی دەستکرد ........................................................ ٩٥

پێشکەشـە بە مامۆسـتا **ئەمـین گەردیگلانـی** کە ئەگەر ئامۆژگـاری ئەو مامۆستا دڵسۆزە نەبوایە، قەت نەمدەتوانی دێڕێک بنووسم.

هەروەها پێشکەشە بە برای خۆشەویستم «**سـامان محەمـمەدی**» کە تەنیا کەسێ بوو هانی دام قەڵەم بە دەستەوە بگرم.

# پێشەکی

شـێعر ئەو خەیـاڵە ناسـک و وردەیە کە لە دەروونـی مرۆڤـی وردبـین و مووقەڵێشەوە هەڵدەقوڵێ و دنیای شاعیر و دەوروبەری بە وشە وێنـا دەکـات. هەستی شاعیرانە ڕەنگە لە مێشک و دەروونی زۆر کەسدا هەبێت و هانی بدات بۆ ئەوەی ئاوات و ویست و خولیاکانی دەربڕێ و لە ڕێگای نووسینەوە دەردی دڵی خۆی بەیان بکات. بەڵام بەیانکردنەکە گرینگە، داڕشتنی دەقێکی بـاش و نـاوازە ئەزمـوونێکی چڕوپـڕ و خوێنـدنەوەیەکی قـووڵی پێویسـتە. ئەو دەقە سەرکەوتووە و دەتـوانێ بەرگـی هـونەر و هەرمـان لە بەر بکـات کە هەسـتی سروشتی و ئینسانی و ئەزموونی پتەوی لە پشت بێ. واتە هەم هەوڵدەرانە بێ هەم قوڵـپدەرانە. کەسـێک بـیهەوێ ببێـتە شـاعیر، دەبـێ لە دنیـای ئێسـتا و ڕابردووی ئەدەبی گەلەکەی و گەلانی تر ئاگادار بێت و بە چڕوپـڕی موتـاڵای کردبێت و دنیا تایبەتەکانیان بناسێ و نووسین دەبێ فکری لە پشت بێ و تەنیـا هەستێکی ئاسایی و ئەشقێکی تافی لاوی نابێتە هونەری شاز و زیاتر وەک گڕ و کڵپەی ئاورێکی بە پووشوو دەچێت و زوو دادەمرکێ.

کاک مەزهەر محەممەدی لاوی هەستیار و شێعردۆست ڕۆژێک دەفـتەری شێعرەکانی بۆ هێنام بیخوێنمەوە، منـیش زۆر بە تـامەزرۆییەوە دەسـتم کـرد بە خوێندنەوەی دەقەکانی و تـاموچێژێکی گەنجـانە و ئاشـقانەی پـێ بەخشـیم.

شێعرەکان بە شـێوەی هیجـایی و شـێعری گـۆرانی نووسرابـوون و دیـارە ئەو بوارەی شێعری کوردی واتە هۆنراوەی گۆرانی، کەمتر ئاوڕی لـێ دراوەتەوە و خۆشحاڵ بووم کە کاک مەزهەر لەو بوارەدا دەنووسێ و گرینگیی پێ دەدات.

بەو هیوایەی لەو بوارەدا سەرکەوتوو بێت و زیاتر هەوڵ بدات بۆ نووسین و ناسینی شێعر و دنیای بەرین و ڕەنگاڵەیی شێعر و ئەدەبی سەردەم و ڕابردوو.

١٣٩٥/١/١٤

ئەمین گەردیگلانی

**پێشەکیی شاعیر:**

به نێوی خودای عەشق و ئەوین و جوانی.

له ساڵی ١٣٦٣ کۆچی هەتاویدا له ئاوایی جەمۆغەی سەر به شاری بۆکـان هاتمه سەر دنیا.

لەساڵی ١٣٧٠دا له تەمەنی حەوت ساڵی ناردیانمه قوتابخانه:

درامه دەســـــتی مامۆســــتا که فێـــــر بـــــم

وەکـــوو بەرخێـــک نەبـــم بمخـــۆن و شـــێر بـــم

تا پۆلی سێهەمی ناوەندی یا بڵێین ڕاهنومایی، زۆر چـاک دەرسـم خوێنـد، دەرسیشـم زۆر بـاش بـوو بەڵام به داخەوه به هـۆی دەس‌کـورتی و تەنـگ و چەڵەمەی ژیان نەمتوانی درێژه به خوێندن بدەم.

له ساڵی ١٣٨١دا دەستم له خوێندن هەڵگـرت بەڵام دەسـتم له خوێنـدنەوه هەڵنەگرت. هەر له منداڵییەوه ئۆگرییەکی سەیرم به شێعر هەبوو، هەر کتێبێ یا گۆڤارێکم دەس‌کەوتایه که هەموویان فارسی بوون شێعرەکانیم دەخوێنـدەوه و له بەرم دەکردن.

هەوەڵـــین کتێبـــی کـــوردی که وەدەســـتم کەوت و خوێنـــدمەوه، «تاریک‌وڕوون»ی مامۆستا هێمنی نەمر بوو. خوێنـدنەوەی ئەو کتێـبه بـوو به هۆی ئەوەی دەست بکەم به کوردی خوێندنەوه و موتاڵای کتێبی فارسـیم زۆر کەم کردەوه.

دەتوانم بڵێم ئەودەم کە وەک ئێستا ژیانم تووشی گیر و گرفت نەبوو و بیرم ئـــازادتر بـــوو تەواوی تاریـــکورِونم لە بەر کردبـــوو و لە بەر خـــۆمەوە دەمخوێندەوە. جاروبـارەش شـتێکم بە خەیاڵـدا بهاتـایە دەمنووسـیەوە. بەڵام زۆری هەر لاسایی کردنەوەی شاعیرانی دیـکە بـوو. ئەودەم ئەوەم نەدەزانــی و زۆر دڵم پێیان خۆش بوو و وام دەزانی حەوت مێشم لە کونێکدا دیوەتەوە.

بۆ هەوەڵین جار چەند شێعرێکم بردە خزمەت مامۆستای گەورەی شارەکەم مامۆستا ئەمـین گەردیگلانــی، هەر لەوێ بـوو کە ئەو مامۆسـتا خۆشەویسـتە تێی گەیانـدم شـێعرەکانم کە هەمـوو لە سـەر کێشـی عەرزووی بـوون چەنـدە لاسەنگ و پڕ لە خێچ و خوارین.

بە دوای خوێندنەوەی شێعرەکانمدا مامۆستا قسەیەکی کـرد کە تـا مـردن لە بیرم ناچێ و هەر ئەو قسە جوانەی مامۆستا ئەمین گەردیگلانی بـوو کە بـاری ژیانمی گۆڕی. مامۆستا فەرمووی: کاکە عـومەر! تـۆ وەک بەننـایەک وای کە هەموو کەرستە و ئامێرەکانی ئەو کارەی لە دەستدایە، ئەو شتانەش شتێک نـین کە بڕۆی لە دووکانەکان بە پارە بیانکڕی، ئەوانە خوداپێداون کە خـودا بە تـۆی داوە، فەقەت دیوارەکانــت خــراپ دانــاوە. هەوڵ بــدە بەو کەرسـتانەی لە بەر دەستتدایە دیوارێکی جوان و ڕێکوپێک دانێی.

هەر ئەو قسەیەی مامۆستا ئەمین کاری کردە سەر مێشک و هەستم و بڕیارم دا زیاتر بەردەوام بم لە خوێندنەوە و نووسین و ورە بەرنەدەم. قۆڵم هەڵماڵی و زیـاتر لە جـاران بــێ مانــدوو بــوون دەسـتم کــرد بە موتــاڵا و هەرچیــیەک دەمخوێندەوە زیاتر لە پێشوو دەچوومە بنج و بنـاوانی و بە بیـری خـۆم لـێکم

دەداوە. لە بــواری شــێعر نووسینیشــدا دەســتم لە کێشــی عەرووزی فارســی و عەڕەبی هەڵگرت و هاتمەوە سەر کێشی خۆماڵی و فۆلکلـۆری کـوردی کە بە بیر و بـڕوای خـۆم نـزیکترە لە سروشـتی خەڵکـی کـورد و هەڵقـوڵاوی دڵ و دەماری گەلی کوردە.

بە خۆشەویستی مامۆستا مەزهەری خالقیەوە نازناوی «مەزهەر»م لە شێعردا هەڵبژاردووە کە هەر لە منداڵییەوە عاشـقی دەنگـی سـێحراوی ئەو مامۆسـتایە بووم و زۆرم خـۆش‌دەوێ. هیـوادارم لە هەر جێیەکـی دنیـا دەژی، سـاتەکانی ژیانی پڕ بێ لە خۆشی و کامەرانی.

نازانم ئەم بەرهەمەم چەندە دەتـوانێ لە دڵـی خەڵکەکەمـدا جـێ بکـاتەوە، بەڵام هیوادارم لە بەر ئەوەی دیاری ئەوەڵمە لێمی‌وەرگرن و کەم‌وکووڕییەکـانی بە گەورەیی خۆیان داپۆشن.

# موناجات

خـــــودایە هەوەڵ دێـــــڕی دیـــــوانم
بە نێـــــوی بەرزت دەڕازێـــــــنمەوە
ئەگەرچـــی غەرقـــی دەریـــای گونـــاهم
هەتـــا تەوقـــی ســـەر لە داوێـــنمەوە

لە هەمـــوو جێـــیەک ئەتـــۆ حـــازری
خاڵی لە تـۆ نـین هـیچ شـوێن و جـێگە
هانـــا هەر بـــۆ تـــۆ دێـــنم خـــودایە
هەر تـۆی لابەری کۆسـپی سـەر ڕێـگە

هێـــــزێکم دەیە تـــــاکوو بتـــــوانم
هەر بـۆ حەمـدی تـۆ شـێعر بنووسـم
ئەگەر لە ڕێـــی تـــۆ لامدا خـــودایە
ببـــڕە زمـــانی خـــۆم و پێنووســـم

خـــوایە دەزانـــم ڕەســـوولی نـــازدار
چەنــدە لە لای تــۆ بەرز و ڕووســوورە
بۆخــۆم ڕووم نیــیە تکــات لــێ بــکەم
بە خـــــاتری ئەو لـــــێمان ببـــــوورە

یــا ڕەســوولەڵڵا خــۆم خســتە پەنــات
بە گونـــــاهی زۆر و ئیمانـــــی کەمـــــم
گەر تــۆ لە لای خــوا شــەفاعەتم کەی
لە دونیـــای دیـــکە نـــامێنێ خەمـــم

خـــوایە وا هـــاتم بە دەســـتی خـــاڵی
تا لە حوزوورت ســەر بســووم لە خــاک
دەزانــم دەریــای بەزەت چەنــد قــووڵە
بــۆیە لە دڵــدا نــیمە تــرس و بــاک

گەرچــی هەموومــان غەرقــی گونــاهین
بە دوو چــاوی ســاغ ون بــووە ڕێــمان
بەڵام هەموومـــان لە چـــاک و خـــراپ
دەســـکردی خـــۆتین، ببـــوورە لـــێمان

# کیژی لادێ

له درزی یەخەت جووتێ لیمۆی جـوان
دەدرەوشــێنەوە وەک خــۆری ئاســمان

نـــــازانم ئەوە مەمـــــن یـــــا هەنـــــار؟
بەهــێن یــا ســێوی لاســووری ســەردار

خـڕ و پـڕ و تونـد وەکـوو بەهێـی کـاڵ
کەوتــۆتە بەینیــان ڕیــزێ وردە خــاڵ

له لێـوی ســوورت وەک هەوری بەهــار
کە دێــیە خەنــدە گەزۆ دێــتە خــوار

نـــــازانم ئەوە شـــــەکرە یـــــا لێـــــوە
دەڵــێن کە ئــاوی حەیــاتی پێــوە

ســـەرم ســـووڕ مـــاوە ئەو بـــاڵابەرزە
پەریـــی ئاســـمانە بـــۆ لە ســـەر عەرزە؟

لە چـــاوی شـــینت کـــاتێ دەفکـــرم
زوو زوو هەڵدەقوڵێ سەرچاوەی شێعرم

بەڵام داخەکەم نەمتـــــوانی هەرگیـــــز
بە شـــێعر بـــکەم وەســـفی تـــۆی ئـــازیز

سەد عاشق لە سوێت بوونە وێڵی دەشــت
تۆ کیـژی لادێـی یـا حـۆری بەهەشــت!؟

# تەرمی دڵ

تەواوی حەز و ئـــــاواتی ژیـــــنم
مـــن لە چـــاوانی تـــۆدا دەبیـــنم

کەچـــی تـــۆی کـــافر وا زاڵـــمانە
بێهـــۆ دەشـــکێنی دڵـــی خەمیـــنم

لە پێنـــاوی تـــۆ وەک شـــێخی ســـەنعان
منـــیش دەمـــێکە گـــۆڕاوە دیـــنم

دەردی فیراقـــت ئەوەنـــدە ســـەختە
لە دیـدە خـوێن دێ بە جێـی ئەسریـنم

گـــوڵی ئـــاواتم ســـیس و ژاکـــاوە
لە ســـەر تەرمـــی دڵ خەریکـــی شـینم

# کوردستان تۆی خۆشەویستم

چەن خۆشە لەگەڵ جوانێ لە گـوێی چەم
دەست لە سەر سینە، دەمـیش لە نـاو دەم
یـــان لە نێـــو کـــۆڕی بەزم و شـــاییدا
چەن خۆشـــە ســـەیری لەریـــنەوەی مەم

چەن خۆشــە لە نــاو بــاخێکی پــڕ گــوڵ
سەرمەســـتت بکـــا ئـــاوازی بوڵبـــوڵ
خەم و خەفەتـــــی ژینـــــی ڕابـــــردوو
بــۆ تــاقە ســاتێ دەرچـــێ لە نـــاو دڵ

چەن خۆشە گەر یار بۆت بێتە جـێژوان
ماچـــت لێـــی بـــوێ بڵـــێ بە چـــاوان
لێـــوت تەڕ بـــکەی لە مـــاچی نـــاو دەم
ئەودەم تێـــدەگەی لە مانـــای ژیـــان

ئەو کـــاتەی لە نـــاو پێخەفـــی مەرگـــای
دڵ پـــڕ لە خـــۆزگە و ئـــاوات و بریـــای
چەن خۆشـــە شـــۆخێ بە لار و لەنـــجە
بێـــت و شـــەفات دا بە مـــاچی گۆنـــای
مەمـــت بـــۆ دەرخـــا لە درزی یەخەی
بێـــتە باوەشـــت دەم لە دەمـــی خەی
کە مـــاچی لێـــوی شـــیرین دەسکەوێ
چ پێویســـت دەکـــا بە تـــاڵاوی مەی!؟

سـەیری شـیوی مەم لە ئـێخەی کـراس
کە دێـــنە لەریـــن پیـــاوی دەکەن کـــاس
چەن جـــوانە لەنـــجەی کیژانـــی لادێ
کە تێکـــڕا دەڕۆن بـــۆ شـــنگ و ڕێـــواس

بەڵام هیچکامیـــــان لەو خۆشـــــییانە
تەواو مەســـت نـــاکەن منـــی دێـــوانە
تەواوی عـــــالەم گەر بکـــــا لـــــۆمەم
تاســـەی دڵـــی مـــن ناشـــکێ بەوانە

مـــن هەر ئەو کـــاتە تەواو سەرمەســـتم
لە قـــووڵایی دڵ لە نـــاخی هەســـتم
دەنگـــم هەڵێـــنم پـــڕ بە دڵ بڵـــێم
کوردستانی جـوان! تـۆی خۆشەویسـتم

# نفرەت لە تۆ

شەرت بێ لەوڕۆوە هەتاکوو مابم
لە هیچ شێعرێدا نێوت نەهێنم
هەر هۆنراوەیەک بۆنی تۆی لێ بێ
زۆریش بەرز بێ، خۆم ئەیسووتێنم

تازە نەک بۆ تۆ، بۆ هیچ دڵداری
خەساری ناکەم هەڵبەستەکانم
گەر بێت و وەسفی جوانی تۆ بکەن
دەیانشکێنم من دەستەکانم

هێندەم لە دەستت جەفا کێشاوە
ئەوەندەم خوێنی دڵم خواردووە
تازە عاشق بوون بۆ من مەحاڵە
چونکە دەمێکە دڵم مردووە

باوەشـــی گەرمـــی هـــیچ بـــاڵابەرزێ
بە لاشـــەی ســـڕم نابەخشـــێ تینـــێ
جـــوانی هـــیچ کچـــێ یـــا شـــۆڕەژنێ
هەســـتی زامـــاری مـــن نـــابزوێنێ

گەڵای درەختـــی شـــێعر و هەڵبەســـتم
ئێســـتاکە پـــاکی ســـیس و ژاکـــاون
بێـــزم هەڵدەســـتێ لە ئەو شـــێعرانەی
بۆ وەسـفی بـاڵا و جوانیـت نـووسراون

هەر ئەو شـێعرانە وەک هەورێکـی ڕەش
دایـــانگرتووە ئاســـمانی شـــێعرم
نفـرەت بـێ لە تـۆ چـونکە بە جـارێ
بـــردووتە ئـــابڕووی دیـــوانی شـــێعرم

# ئەمن کەسێ نیم

ئەمـــن کەســـێ نـــیم بـــۆ بێوەفـــایەک
هەروەکـــوو شـــێتێ بـــبم بە ڕەشـــپۆش
ئەتـــۆ و هەزاران بێوەفـــای وەک تـــۆ
زۆر بە ئاســـــانی دەکەم فەرامـــــۆش

لە دوای ئەو هەمـــوو ســـۆز و وەفـــایەم
کە تـــۆ بەم جـــۆرە دڵـــم بشـــکێنی
ئیـــتر پێـــتوایە لە دوای ڕۆینـــت
دێـــم و دەڕێـــژم ئەشـــکی نهێنـــی؟!

دڵـــی مـــن بە دوای کەســـێکا وێـــڵە
زەڕڕەیەک وەفـــا هەبـــێ لە دڵیـــا
نەک لە پێنـــاوی پـــارەی یەکـــێ تـــر
مـــن بەجێبێڵـــێ و بـــڕوا لەگەڵیـــا

نەک بە وێــنەی تــۆ بە نێــو مــرۆڤ بــێ
کەچــی هەروەکــوو تــاجی یــا گەمــاڵ
بە دوایــدا هەڵـــێ و کلکـــی بـــۆ بـــادا
بــۆ دەوڵەمەنــدی خــاوەن زێــڕ و مــاڵ

# جەمۆغە

سڵاوت لێ بێ «جەمـۆغە»ی سـەربەرز
هەر ئاوەدان بـی بەهەشـتی ڕووی عەرز

لە نێـو کوردسـتان گـوڵی بـێ هاوتـای
تـــا ڕۆژی مــــردن هەر لە دڵمـــدای

گەر ئێســـتە دوورم دڵگیــــر مەبە بـــۆم
لە هەر جێـیە بـم، هەر گیانفیـدای تـۆم

یـــــادت هەتــــوانی بـــــرین و زامە
کــووچە و کۆڵانــت کانگــای هیــوامە

کــاتی بەهــاران لە شــیوی «گــوێزان»[١]
کە دێــتە خــوارێ ســێڵاوی بــاران

---

[١] شیوێکە لە نێوان شاخی دەربەند و ئاوایی جەمۆغە، کە ئاوی دوو یا سێ کانی تێکەڵ دەبن و بەو شیوەدا دێـنە خوار. کانی بەهارانیش پڕ دەبێ لە سێڵاوی باران. شیوەکە دوو دار گوێزی جوانی هەیە کە هەر بەو هـۆیە نـاو نراوە شیوی گوێزان.

خۆشـــترین دەنــگە خــوڕەی ئەو ئــاوە
ئەگەرچـــی لـــێڵە، ڕوونـــاکی چـــاوە

مێــرگ و چــیمەن و بەنــدەن و دەشــتت
کێـــوانی ســـەربەرز لە دەور و پشـــتت

دیمەنیان وەها جـوان و گەش کـردووی
ژینـــی دووبـــارەی ئینســـانی مـــردووی

کیژانـــی شـــەرمن، ژنـــانی تەڕپـــۆش
لار و لەنجەیـــان پیـــاو ئەبـــا لە هـــۆش

کــاتێ کە بە پــۆل دەچــنە ســەر کــانی
کـــانی دەبێـــتە ســـەرچاوەی جـــوانی

گۆزەیـــان پـــڕ کـــرد دێـــن بە نێـــو دێـــدا
دڵـــی ســـەدان لاو کەوتـــووە لە ڕێـــدا

تیشـکی ڕوو لە نێـو زولفـی ڕەشـی وان
بــێ نــووری کــردوە خــۆری ئاســمان

بـــۆ دیتنـــی ئەو حـــۆر و پەریـــانە
یەک لە بەر دەرکە، یەک لە ســـــەربانە

ئەوانە و سـەدان بیرەوەریـی خـۆش
نـاهێڵێ هەرگیـز بـتکەم فەرامـۆش

گەر سەد ئەوەندەش هەستم ناسک بێ
وەسفی جوانی تۆ کـوا لە دەس مـن دێ

خەڵکـی بەکـار و ئـازا و دڵپاکـت
نـادەن بە دنیـا مشـتێ لە خاکـت

لە سایەی کێوی «دەربەند[١]»ی سـەربەرز
یا خوا هەر بژی بەهەشـتی ڕووی عەرز!

[١] شاخێکە لە ڕۆژئاوای جەمۆغە

# داوا

خوایە هەمە تکایەک
هاتووم لە بۆ داوایەک

نامەوێ دەوڵەمەند بم
بۆ پارە تووشی پەند بم

نە پووڵ و نە سەرمایە
هیچیان بە کارم نایە

نە ببمە شای دەوڵەتان
گەورەی هەموو میللەتان

چون پارەیە چڵکی دەس
تا سەر نامێنێ بۆ کەس

دنیاش گەر بدەی بە من
هەر چاوەڕێمە مردن

بـــــۆیە داوا نـــــاکەم لێــــت
کیســـــەم پـــڕ لە پــــارە بێـــت

داوای ئەمـــــــن نە مـــــــاڵە
نە کیـــــــژی ڕوو بە خـــــاڵە

کیـــــژی لەبــــــارم نـــــاوێ
خــــــۆی لە ئــــامێزم بــــاوێ

کــــوڵمی ســــوور و لێــــوی ئــــاڵ
ســــــینگی پــــڕ لە وردەخــــاڵ

مەمــــی خــــڕ، زولفــــی چین‌چــــین
هیچیــــان ئــــاواتی مــــن نــــین

تەنیــــــــــــا یەک داوام هەیە
ترســـــــــی مـــــــن هەر ئەوەیە

بمپـــــــــــارێزە لە یەک دەرد:
نەبمە موحتــــــاجی نــــــامەرد

# پێش مردنم

گیـــانە بەر لەوەی مـــۆمی تەمەنـــم
زریـــانێ بێـــت و بکـــا خامۆشـــی
لە پـــێش ئەوەیـــدا خـــزم و کەســـانم
بـــۆ ســـەر مەزارم بـــێن بە ڕەشپۆشـــی

لە پـــێش ئەوەیـــدا مەلایەک بێـــت و
لە ژوور ســـەرمدا بخـــوێنێ یاســـین
لە پـــێش ئەوەیـــدا دوور لە بـــاڵاکەت
چـاوم لێـک بنـێم خەمبـار و خەمگـین

گیـــانە پـــێش ئەوەی ڕەشـــەبای مەرگ
گـــوڵی ژیـــانم لـــێ هەڵـــوەرێنێ
لە پـــێش ئەوەیـــدا فریشـــتەی مـــردن
بێــت و ڕوح لە نێــو جەســتەم دەرێنــێ

لە پێش ئەوەیدا هەواڵی مەرگم
بە شین و ڕۆڕۆ بڵاو بێتەوە
لە پێش ئەوەیدا کە ناوی مەزهەر
لە دەفتەری ژین بشۆرێتەوە

گوڵم پێش ئەوەی جانەوەری گۆڕ
بۆ لاشەی سەردم دەم بکاتەوە
لە پێش ئەوەیدا فریشتەی مەرگ
بێت و لەگەڵ خۆی من بباتەوە

لە پێش ئەوەیدا سەییادی ئەجەل
بێت و بە تیرێ بشکێنێ باڵم
چی دەبێ بێی و بە ڕوویەکی خۆش
بۆ تاقە جارێ بپرسی حاڵم

گەر بێی و ئاوا بکەی سەردانم
دەڵێم کەسەکەم ئێستا چاترم
فرمێسک لە سەر گۆنەت بسڕەوە
تا تۆ لە لام بی، وا زوو نامرم

# ئەوینی ئەورۆ

سـەڵاو لە گیانـت مەجنـوونی هەژار
دەزانـم ئێسـتاش لە نێـو قەبـری تـار

دڵـت هەر لەلای لەیـلایە بێشـک
لە گـۆڕیش نیـتە ئـارام و قەرار

لە دوای کـۆچی تـۆ ئەوینـیش ون بـوو
نەمـاوە شـوێنی لە دێهـات و شـار

گەر کێوی بێستوون هەڵکەنی بە دەسـت
بێنـرخە کـارت لە بەرچـاوی یـار

قەت نـاڵێ ئەوەی لە عەشـقی مـن کـرد
لە لای خـۆی دەڵـێ یـا شـێتە یـا هـار

بەڵـــێ بـــراکەم لە دونیـــای ئـــێمە
گـــاڵتەی پـــێ دەکەن بە دڵـــی ئەوینـــدار

ئەوینـــی ئێســـتا بـــۆتە ئامرازێـــک
بـــۆ کـــۆ کـــردنەوەی درهەم و دینـــار

بەڵام گەر هەتبـــێ سروەت و ســـامان
دەورت لـــێ دەدەن چاوکـــاڵ و نـــازدار

بەڵـــێ بە پـــارە زۆر ئاســـانە بـــۆت
هێنـــانە ژوانـــی کیـــژۆڵەی لەبـــار

بەڵام کە پـــارەت نەبـــوو قەت عاشـــق
مەبە و بەبـــێ هـــۆ خـــۆت مەدە ئـــازار

# گوڵی هیوا

حەیــفە بــۆو دەم و لێــوە شــیرنەی تــۆ
وشـــەی وا تـــاڵ و نـــاحەز و نـــامۆ

بـــۆ تاقەجـــارێ بە لەبزێکـــی خـــۆش
لەگەڵ دڵمـــــدا بـــــکە گفـــــتوگۆ

بەس دڵـــی شـــێتم بـــکە نیشـــانە
بە تیـــری چـــاو و برژانـــگ و بـــرۆ

جـــارێ ڕێـــگەم کە لە لێـــوی ســـوورت
بە ئـــــارەزووی دڵ هەڵمـــــژم گەزۆ

بـــا گـــوڵی ســـەدان ئـــاوات و هیـــوا
لە نێـــو دڵمـــدا دەربکـــا چـــرۆ

# بە خۆت مەنازە

بە جـــوانی بـــاڵات هێنـــدە مەنـــازە
یـــا بەو چـــاوانەت کە پـــڕ لە نـــازە

ڕۆژێ دێ بـــاڵای بەرز و جوانـــــت
دەچەمێـــــــتەوە وەک برۆکانـــــــت

یـــا ئەو مەمـــانەی لە ســـەر ســـینەتن
بـــزانە ڕۆژێ چلـــۆن ســـیس ئەبـــن

ئەو ددانـــــانەت کە وەک مـــــروارین
ڕۆژێ دەبینـــــی یەک یەک هەڵـــــوەرین

ئەو لێـــوە ئـــاڵەی وەک دەنکـــی هەنـــار
دەبێـــتەوە خـــۆڵ لە نێـــو قەبـــری تـــار

ئەو ڕیـــزە خـــاڵەی لە ســـەر گـــۆنەتن
دڵـــــی هەزاران بۆیـــــان لەتلەتـــــن

دوو کوڵمەی سپی وەک مانگی تابان
کە بۆ ماچێکی سەد لاو هەڵوەدان

بزانە ڕۆژێ بێ هەست و بێ دەنگ
مێروو دەیانخوا لە نێو گۆڕی تەنگ

ئەوانەی ئێستا کەوتوون لە بەر پێت
ئاهی هەموویان دێتەوە سەر ڕێت

ئەو جوانیەی خودا ئێستە پێی داوی
سەدان ئەویندار مردوون لە تاوی

لە ئێمەت کردوە بە زنجیر و کۆت
ڕۆژێ دەهاڵێ لە دەست و پێی خۆت

دڵنیام ڕۆژێ لە ئاهی ئەمن
تەختی جوانیت دەبێ سەرەوبن

# دڵی گۆڕاو

مـــــاوەییێکە وەک جــــاران نەمــــاوی
دەزانـــــــم بە زێــــــڕ فریــــــو دراوی

فریــــوی زێـــــڕ و پــــارەت خـــواردووە
ئەویــــــن لە دڵتــــــا دیــــــارە مــــــردووە

تەلاری یـــــــاری ســــــــەرمایەدارت
گۆڕیــــویە هەســــت و دڵ و دەمـــــارت

چۆن دەگۆڕیەوە عەشـقی پـاکی مـن!؟
بە پــوول و پــارەی ڕەقیــب و دوژمــن؟

دیــــــــارە وەک ئەوان دراوم نیـــــــیە
بەڵام عەشـــقی مــــن بــــێ کۆتـــاییە

مــــن دڵــــم دایەی لە هەر جێژوانــــێ
هـیچ خـاوەن زێـڕێ وەک مـن نـاتوانێ

دڵـــی دەربێنـــێ و بیکـــا بە دیـــاری
بیخـــاتە ژێـــر پێـــت بـــۆ یادگـــاری

بە زێـــڕ و پـــارە نـــاگەی بە ئـــاوات
دینـــار قەت نـــیە هاوشـــانی بـــاڵات

لایقـــی بـــاڵای جـــوان و بەرزی تـــۆ
فرمێســـکی مـــنن دەڕژێـــن لە پێـــی تـــۆ

# جێژنی ڕەمەزان

دیســـــان هــــاتەوە ئــــاخری ڕەمەزان
خەڵکی شــار هەمــوو هــاتوونە ســەربان

بـــۆ دیتنـــی مانـــگ وا چـــاو ئەگێـــڕن
کە مانـــگ ببیـــنن، بـــیکەنە جێـــژن

تەنیـــا مـــن نەبـــێ لە ســـووچی مـــاڵم
وەکـــوو تـــازیەدار پەشـــێوە حـــاڵم

مـــانگی ئاســـمان بە مـــن چـــی دیـــارە
کە مـــانگەکەی خـــۆم لـــێم نادیـــارە

وا بـــوو بە جێـــژن لە شـــار و لە دێ
دەنگـــی شـــادییە لە گشـــت لایە دێ

بەڵام مـــن هەروا لە مـــاڵەکەی خـــۆم
هەر چـــــاوەڕوانی گەڕانەوەی تـــــۆم

ئەو کـــاتەی کە تـــۆ بێـــیەوە لای مـــن
ئەودەم بـــۆ منـــیش دەبێـــتە جێـــژن

مـــن تـــاکوو مـــانگی ڕووی تـــۆ نەبیـــنم
نـــایکەم بە جێـــژن گیـــانی شـــیرینم

# ڕەشپۆش

دەپرســـی لە مـــن بـــۆ ڕەش دەپۆشـــی
چـــونکە عـــومرێکە دوورم لە خۆشـــی

بـــۆیە هەر ڕەنگـــی ڕەش باشـــە بـــۆ مـــن
چونکە دڵـــی تـــۆش لـــێم بـــوو بە دوژمـــن

بـــێ تـــۆ نەک بەرگـــم، ڕۆژیشـــم ڕەشـــە
هـــــاواڵم خەم و فرمێســـــکی گەشـــــە

مـــن کە دەروونـــم ڕەش هەڵگەڕابـــێ
لە ڕەش زیــــاتر چــــم لە بەردابــــێ

لە دوای تۆ زۆر دەست خرا نێـو دەسـتم
هیچیـــان نەیـــانکرد پـــاراوی هەســـتم

عەشـق و پەیمانیـان هەر ماوەیێـک بـوو
ئەوینـــی وانـــیش هەر ســـەردەمێک بـــوو

تــــا تـــۆ نەیەوە بـــۆ نـــاو باوەشـــم
شـــەرتە داینەنـــێم لیباســـی ڕەشـــم

هیچ‌کەس وێنەی تۆ بـۆم دڵسـۆز نەبـوو
عەشـقی هیچ‌کەسـێ لام پیـرۆز نەبـوو

ئـامێزی گەرم و گـوڕی هـیچ جـوانێ
دڵـــی ژیـــر نەکـــرد کـــاتی گریـــانێ

مـن کە قسـمەتم هەر ئـاهی سـەرد بـێ
بـۆ دەبـێ جلـم سـپی یـان زەرد بـێ

مـــن کە هەر خەم و گریـــانم بەش بـــێ
بـا بەرگەکەشـم وەک بەخـتم ڕەش بـێ

چـــاوەڕێم بێـــی و لە نـــاو باوەشـــم
تـــۆ دایـــانکەنی لیباســـی ڕەشـــم

# فەلەک

فەلەک لە داخـــت جەرگـــم کون‌کـــونە
هەمـــوو تیـــری تـــۆ بـــۆ جەرگـــی مـــنە
بە تیـــــری جەفـــــای ئەتـــــۆیە زاڵـــــم
تەواوی جەســـــــتەم ئەنجن‌ئەنجـــــــنە

هەمیشـــــــە دژی هەژاری کەچـــــــی
لە ڕاســـــت زۆرداران دایـــــم مـــــل‌کەچی
بـــۆ مەرگـــی زاڵـــم قەت هەوڵـــت نەدا
هەر بە گـــــژ پیـــــاوی هەژارا دەچـــــی

ئەوەی ناپـــــــــــاک و دز و زۆردارە
ژیـــــانی خۆشـــــە و دوور لە پەژارە
مەیـــنەت و خەم و ئـــازار و دەردیـــش
بەشـــــی مرۆڤـــــی کـــــز و هەژارە

ئەوەی خـــوێنڕێژ و زاڵـــم و حیـــزە
ئەوەی لە ســەر خەڵــک بەپــۆز و فیــزە
هەرچــی خۆشــییە هەر دەیــدەی بەوان
هەر ئینســـــانی وا لە لات عەزیـــــزە

قەت نەبوو تێکدەی کۆشـکی زۆرداریٚ
یــا خــود زاڵمــیٚ بخەیــتە خــواریٚ
بەڵام بە گیـــــان و دڵ تێدەکۆشـــــی
بـــۆ ســـــووتاندنی مـــاڵی هەژاریٚ

ڕۆژیٚ شــاد نەبــووم لە مــاوەی ژیــنم
هەر خوێــت کــردە ســەر زام و بــرینم
چــونکە هەژار بــووم ئەو دەردەت دامــیٚ
نەتهێشــت قەت خۆشــی بە چــاو ببیــنم

هەمــوو ژیــانم ڕەنجــی بــیٚ حاســڵ
ســـەدان ئـــاواتی مـــردوو لە نـــاو دڵ
ڕۆژی هەزار جـــار ئـــاوات ئەخـــوازم
بــۆ ڕۆژی مەرگــم، بـۆ خەوی ژێـر گـڵ

فەلەک! لە دەس تــۆ ڕۆژیشــم شــەوە
لــێم تــووڕە مەبە و مەڵــێ داکەوە
تەنیــا پرســیارێ لە تــۆ دەپرســم
ئەگەر دەتــوانی وەڵامــم دەوە!

گەر منــیش خــاوەن پــارە و دینــار بــام
خــاوەنی مــاڵ و کۆشــک و تەلار بــام
دەتــوێرا ئــاوا دژم بوەســتی؟
ئەگەر پیــاوێکی ســەرمایەدار بــام!

# سێحری پەنجە

فەســـڵی بەهـــاران وێـــنەی بەهەشـــتە
خـــاکی وڵاتـــی ســـەربەرزی ئـــێمە
بست بە بست بەرگـی سـەوزی لە بەردا
شـــاخە یـــا دەشـــتە، زۆنـــگە یـــا دێـــمە

کـــاتی بەیـــانی پـــێش گزنگـــی تـــاو
چەن جوانە شـەونم لەسـەر پەڕی گـوڵ
چەنـدە جـوان دێـتە سـەما و هەڵـپەڕین
بە شـــنەی نەســـیم و ئـــاوازی بولبـــول

بەڵام لەوانەش جـــوانتر لە لای مـــن
لەنـــجەی کیژێکـــی نەشـــمیلی دێـــیە
بە ڕەوتـــی جـــوانی هەر وەکـــوو تـــاوس
دێ بـــۆ نێـــو مەڕ و شیردۆشـــی پێـــیە

لەگەڵ شمشــاڵی شــوان تــێکەڵ دەبــێ
دەنگــی بەرمــوور و بــازنە و خڕخــاڵی
وەک مۆســــیقایەک دڵ دەلاوێنــــێ
خۆزگەم بەو شوانە و بەخـت و ئیقبـاڵی

لە بەردەمیــــدا بێــــری شۆخوشــــەنگ
هــــاتوچۆ دەکەن بە لار و لەنــــجە
دیــــارە ئەوانــــیش دڵیــــان لە جۆشــــە
بۆ سۆزی شمشاڵ، بـۆ سـێحری پەنـجە

ئەمجارە شـوانی لەش مانـدووی دڵتەڕ
تێــدەگا لێیــان لە حــیلکە و نیگــا
یــانی چــاوەڕێین کە ســۆزی شمشــاڵ
دووبــارە کــوورەی دڵــمان گەرم کــا

غەمــزە و نیگایــان یــانی شــوانە گیــان
خەفەتــی چیــتە؟ دەرێــنە شمشــاڵ
بــا لە بەردەمــت کەمــێ هەڵــپەڕین
دەبـا تێـرت کەیـن لە جـوانی و جەمـاڵ

خـۆزگەم بە حاڵـت شـوانی بەخـتەوەر
دڵـــت سەراســەر ئەویــن و هەســتە
هەزاران دڵـــی پـــڕ خەم و ئـــازار
بە ئــاهەنگی تــۆ شــاد و سەرمەســتە

نە وەکــوو ئــێمە خەم لە دڵــت بــارە
نە دێ بە دڵتـــا خەفەتـــی پـــارە
بە سۆزی شمشـاڵ، بە لاوک و حەیـران
دەکەی تــیماری ســەد جەرگــی پــارە

# ویژدانی نوستوو

خۆزگەم بە خۆت و ویژدانـی نوسـتووت
خۆزگەم بە هەست و ئیحساسی مردووت

جەلـــلاد کە پیشـــەی ڕشـــتنی خـــوێنە
لە بێڕەحمیـــــا نییەتـــــی وێـــــنە

دەبـــێ دڵڕەقـــی لە تـــۆوە فێـــر بـــێ
کە هەر ڕۆژ دڵـــێ ئەخەیـــتە ژێـــر پـــێ

گەر لە بەرچـــاوت گـــوڵزارێ بمـــرێ
پێمـوانـــێ دڵـــت خەمـــێ دایگـــرێ

مـــن لە پـــێش چـــاوم گـــوڵێ هەڵـــوەرێ
پـــێش هەڵـــوەرینی دڵـــم بـــۆی ئەمـــرێ

نـــاڵە و شـــیوەنی دڵانـــی خەمگـــین
بـــۆ تـــۆ باعیســـی بەزمە و پێکەنـــین

هەر ئەوەی دوێنـــێ دڵـــداری ئەو بـــووی
شـــێتی ســـامان و دینـــاری ئەو بـــووی

وەک بتپەرستێ ســوژدەت بــۆی ئەبــرد
ڕۆژی سەدان جار خۆت فیــدای ئەکــرد

ئێســـتا لە ژێــر پێــت ڕاخــا دڵــی خــۆی
پێـــت کەسری شـــانە بە ســـەریا بـــڕۆی

تـــۆ چەنـــدە مایـــل بە پـــووڵ و پـــارەی
چەنـــدە بە دوویـــا وێـــڵ و ئـــاوارەی

مـــن ســـەد ئەوەنـــدە شـــێتی ئەویـــنم
تەنیـــا هەر عەشـــقە ســـەرمایەی ژیـــنم

نفـرەت لە خــۆت و دڵــی بــێ هەســتت
لەو پەیمانـــانەی لەگەڵ مـــن بەســـتت

نفــرەت لە خــۆت و ئەوەی وەک تــۆیە
کە جوانیـــان فەقەت چـــاو و بـــرۆیە

بەڵام دەروونیـــــان ڕەش و دزێـــــوە
پـــێم ســـەیرە هـــی وا مرۆڤـــی نێـــوە

وەبـــاڵی ســـەدان درۆی ڕابـــردووت
بە ئەستۆی خـۆت و ویژدانـی مـردووت

# ئەوینی کوردستان

جوانیـت جیهـانی شـێوان
شۆخی لەبـاری چـاوجوان
لار و لەنــــجە و ڕۆینـــت
جـــوانتر لە ڕەوتـــی کەوان

بەژنت سـەر تـا بە خـواریێ
هەر جــوانی لــێ دەبــاریێ
خــــودا ئەوەی جـــــوانییە
بەخشــی بە تــۆ بە جــاریێ

عــومرم گەیشــت بە نیــوە
جــوانی وەک تــۆم نەدیــوە
ناوبـــــانگی دڵڕفێنیـــــــت
لە شـــــاریێ تێپەڕیـــــوە

لە جـوانی تـۆ گوڵئەنـدام
عـالەمیٚ بـوونە سەرسـام
لە نـاو دڵـی منیشـدا
گـولّی تاقـانەی بەڵام

لە تـۆ بەرزتـر گیـانە
ئەوینـی کوردسـتانە
کە بـۆ بسـتیٚ لە خـاکی
گیـانم لە سـەر دەسـتانە

ئەمـن هەرگیـز نـاتوانم
ئەوینـی نیشـتمانم
لەگەڵ عەشـقی کچێکـدا
بەرامبەریـان بـزانم

دڵـم فیـدای تەواوی
شـاخ و دێـم و بەراوی
تۆشـم بـۆیە خـۆش ئەویٚ
لەو خـاکەدا ڕواوی

# جوانی بێ وێنە

به نـاز و غەمـزەی دوو چـاوی ڕەشـت
به بـــاڵای جـــوانی پـــڕ به باوەشـــت
به ســـینەی نەرم و دڵـــی وەک بەردت
به جـووتێ لیمـۆی وەک بەهێـی زەردت
دڵـــت ســـاندووه له پیـــر و جەوان
به تیـری غەمـزه و بـرۆی وەک کەوان

به لەنـجه و لاری سـەر ڕێـگەی کـانی
به چـــاوی جـــوان و ئیشـــارەکانی
به زولفی لـوولی پەخشـانی سـەر شـان
که وەک دڵـــی مـــن زاره و پەرێشـــان
خەوت زڕانـــدوه له چـــاوی عـــالەم
دۆســـت و دوژمنـــت خســـتۆته مـــاتەم

به چـــاوی کـــاڵ و دوو لێـــوی ئاڵـــت
به لێـــوی شـــیرن و وەڵامـــی تاڵـــت
به سـنگی سـپی وەک بەفـری کوێسـتان
که باسـی بـۆته شـەوچەرەی مەسـتان
حۆری و پەریشـت شـەرمەزار کـردوون
ئەوانـیش له تـاو جـوانی تـۆ مـردوون

به قەهــری زۆر و لــوتفی تاوتــاوت
به زولــف و خــاڵی وەک دانه و داوت
به گەردنی وەکـوو شووشـەی بلـوورت
به چـاوی ڕەش و به کـوڵمی سـوورت
به بـــاڵای بەرز و لەبـــار و ســـاکار
بـــوویه شـــاژنی هەمـــوو کـــوردەوار

# بێزارم لێت

بێـــزارم لە ژیـــن لە خۆشەویســـتی
لە ئەو دڵانەی دوورن لە ڕاســـــــتی

لە قەول و وادە و بەڵێنـــــــــی درۆ
لە جیـــابوونەوەی دوو دڵ بەبـــێ هـــۆ

لە بـــێوەفـــایی چەنـــدە بێـــزارم
کە بـــۆتە پیشـــەی عاشـــقانی شـــارم

جـــوانترین کچـــی ســـەر ئەم جیهـــانە
گەر بڵـــێن شـــەوێ لە لات میـــوانە

هەتـــاکوو بەیـــان بێـــتە ئـــامێزم
کە بێوەفـــا بـــوو هەڵدەســـتێ بێـــزم

لە ئەو کەسـانەی عاشـقان لێـک دەکەن
نایـــانەوێ قەت دوو دڵ پێــک بــگەن

هەر تێدەکۆشــــن بـــۆ دڵ شــــکاندن
لە عەشـــق و ئەویـــن بـــوونەتە دوژمـــن

هەزاران دڵــــی پـــاک و ئەوینـــــدار
ئاســـان دەفرۆشـــن بە پـــارە و دینـــار

هیچ وەقت حەز ناکەن بێجگە لە خۆیان
کەسێ شاد ببێ لە سـەر ڕووی جیهـان

دەنگــی شــیوەن و فرمێســک و نـــاڵە
بــۆ ئەوان خۆشــی و ڕەونەقــی مـــاڵە

گـــریەی هەژاری ســـەر ئەم دنیـــایە
بــۆ بەزمــی شـــەویان وەک مۆســیقایە

زیــــاتر لەوانەش لە تـــــۆ بێـــــزارم
کە وەختـــێ زانیـــت ئەمـــن هەژارم

دەســـتت لە عەشـــق و ئەویـــنم بەردا
ئـــاوارەت کـــردم بە کێـــو و هەردا

ژینــت شــێواندم بــێ ســووچ و تــاوان
بــێ ماڵئــاوایی ون بــووی لە چــاوان

عەشـــق و ئەوینـــی دڵێکـــی هەژار
هەرزانـــت فرۆشـــت بە زێـــڕ و دینـــار

یـــاری ئێســـتاکەت ســـەرمایەدارە
زوو دڵـــی بـــردی بە پـــووڵ و پـــارە

تـــۆ چەنـــدە بـــۆ ئەو دڵـــت پەرۆشـــە
دڵـــی یاریشـــت وەک تـــۆ لە جۆشـــە

تـــۆ بـــۆ پـــارەی ئەو، ئەو بـــۆ لەشـــی تـــۆ
بـــۆ مـــاچی لێـــو و بـــۆ باوەشـــی تـــۆ

کـــاتێ کە لێـــوت بـــۆ لێـــوی بـــردن
تێرتێـــر پـــێکەنە بە بێکەســـی مـــن

بەڵام بـــــــزانە کە زێـــــــڕ و گەوهەر
نـــاتوانن لە ژیـــن بـــتکەن بەخـــتەوەر

ئەوانە تۆیـــــان بــــۆ یــــاری ئەویٚ
بــۆ بەزم و گــاڵتە و جەفەنگــی شــەویٚ

کــاتیٚ کە تێــر بــوو لە مــاچی لێــوت
لە هەڵمژینـــی دوو شــــەکرە ســـێوت

کــــاتیٚ دامرکـــــا هەوا و هەوەســـــی
ئەودەم دەزانـــی چەنـــدە بیٚکەســـی

دوور نیٚ ئەو ڕۆژە زۆر زوو ئەگەی پێـی
لەو دەمــانەدا خــۆت بە خــۆت ئەڵێــی

داخـــی گـــرانم بـــۆ دڵـــی مەزهەر
بۆ خستمە ژێر پیٚ بـۆ زێـڕ و گەوهەر؟!

# خەیاڵی خاو

ئەگەر کە ویســــتت ئەوەی نــــازدارە
بــێن و لە بەر پێــت ســەریان دابــخەن
لە ڕێــگەی جــێژوان کــاتی هــاتوچۆ
لە ژێــر پێــت فەڕشــی دڵیــان ڕابــخەن

گەر ویســتت کیــژی نەشــمیل و ســاکار
دڵــت پــێ بــدا و ببــێ بە هاوڕێــت
لە ڕێــگەی جــێژوان کــاتی هــاتوچۆ
فەڕشی دڵــی خــۆی ڕاخــا لە ژێــر پێــت

ئەگەر پێــت خۆشــە کــامە کــچ جــوانە
بنێــــتە دەســــتت دوو زەردە لیمــــۆی
لە ڕێــگەی جــێژوان کــاتی هــاتوچۆ
دڵــــی خــۆی دانــێ بە ســەریا بــڕۆی

ئەگەر دەتــــهەوێ یــــاری چاوجوانـــت
تـــــا ڕۆژی مـــــردن بمێنـــــێ لە لات
لە ڕێـــگەی جـــێژوان کـــاتی هـــاتوچۆ
دڵـــی خـــۆی بکـــا بە فەڕشـــی ڕێگـــات

دەبـــێ گیرفانـــــت پـــڕ بـــێ لە پـــــارە
نەک هەژارێکـــــی فەقیـــــر و دامــــــاو
ئەودەم دەتـــوانی بە زەبـــری ســـەروەت
دڵـــــــی هەزاران بخەیـــــتە نێـــــو داو

ئەوە بـــــــزانە لە دنیـــــــای ئەمـــــــڕۆ
هـــیچ قەدری نیـــیە زانـــین و هـــونەر
لە ســـــەر دەریکە خەیـــاڵی خـــــاوت
گەر تـــۆش هەژاری هەر وەکـــوو مەزهەر

# ڕەنجی بێسەمەر

ڕاســــــتەلاوێکی ئــــــازای
بەجەرگ و پــــاک و وریــــای

بە هێـــزی شــــان و بـــاهۆت
پەیـــدا دەکەی نـــانی خـــۆت

سەرت بـۆ کەس شـۆڕ نـاکەی
شــــەڕەف بە پــــارە نــــادەی

جەســــــتەی کـــــز و لاوازت
لەشـــی بـــێ تـــین و نـــازت

عــــــارەقی نێوچاوانــــــــت
مانـــــدوویی دەســــــتەکانت

دێنــیَ ســەد کۆشــک و تەلار
هـــی پیـــاوی ســـەرمایەدار

کە بە خـــوێنی مـــن و تـــۆ
تێـــراو دەکـــا ورگـــی خـــۆ

بیســـــتوومە چەن وەختـــێکە
دڵـــت گیـــری عەشـــقێکە

عەشــقی کچێکــی چاوکــاڵ
ژینـــی لە تـــۆ کـــردۆ تـــاڵ

لە کــار بــی یــا لە نێــو مــاڵ
ئەوت نـــاچیَ لە خەیـــاڵ

شــــەوانە تـــا بەیـــانی
دەکێشـــــی چـــــاوەڕوانی

خەو و ئارامـــــت نیـــــیە
بــیَ ئەو ژینــت بــۆ چیــیە؟!

بـــــۆتە ئـــــاواتی ژینـــــت
بـــیکەی بە هاوســـــەرینت

لە ژیـــن حەڵاڵـــی تـــۆ بـــێ
ڕوونـــاکی مـــاڵی تـــۆ بـــێ

بەژنـــی ڕێـــک و لەبـــاری
مەمکـــی وەکـــوو هەنـــاری

دوو چـــاوی کـــاڵ و شـــینی
لێـــــوی بە پێکەنینـــــی

زولفـــی درێـــژ و ڕەشـــی
دوو کـــوڵمی ئـــاڵ و گەشـــی

خەیـــاڵی ڕۆژ و شـــــەوتن
لە وەختـــی کـــار و خەوتـــن

بەڵام گوێـــت لـــێ بـــێ کـــاکە
بە قســـەی مـــن بـــکەی چـــاکە

ئەویـــــن خەیـــاڵی خـــاوە
تەنیـــــــا پـــــــووڵ و دراوە

کە نیـــتە مـــاڵ و ســـامان
بـۆ خـۆت دەکەی پەرێشـان؟!

ڕەنجـــت بـــۆ دەدەی هەدەر
خـــۆت دەخەیە دەردیســـەر

چـــونکە خـــاوەن پـــارە نـــی
قەت نـــابی بە خـــاوەنی

# خۆزگە

خۆزگە لە هیچ دڵێدا
نەمێنێ بێوەفایی
هەرگیز نەیێتە سەر لێو
وشەی تاڵی جودایی
چیدی کەسێ هەست نەکا
بە بێکەسی و تەنیایی
لە ژێر سایەی یەکترا
بژین بە دڵنیایی

دڵی یەکتر نەشکێنین
تا لە دنیا بمێنین

خۆزگە ڕۆژگارێ دابێ
لە گشت خاکی کوردەوار
خەفەت نێوی نەمێنێ
لە دێهات و لە نێو شار

هەمـــــوو بـــــۆ یەک ببیـــــنە
خوشـــک و بـــرا و کەس‌وکـــار
بـــــــــژین بە شـــــــــادمانی
بە کـــــوێری چـــاوی ئەغیـــار

ژینێکـــــی پـــــڕ لە شـــــادی
بە دوور لە نـــــــــــــامرادی

خـــــــــــۆزگەم بە ڕۆژێ کە وا
شـــــەڕەف نەدەیـــــن بە پـــارە
لە پێنـــــاو مـــــاڵ و ســـــامان
کەســـــێ نەکەیـــــن ئـــــاوارە
بـــۆ هـــیچ کەســـێ لە دنیـــا
نەبیـــــــــنە هـــــــۆی پەژارە
چـــون مەنزڵـــــی هەموومـــان
خـــــــــــــاک‌وخۆڵی مەزارە

ئیـــــتر بـــــۆچی بەبـــــێ هـــــۆ
مـــــن بشـــــکێنم دڵـــــی تـــــۆ

# نێچیر و ڕاوچی

ڕۆژێ لە ڕۆژان ڕاوچییەکـــــی پیـــــر
تفەنگـــی هەڵگـــرت بـــۆ ڕاوی نێچیـــر

فیشەکدان لە مل، تفەنـگ لە سـەر شـان
قومقـــومەیەک ئـــاو، پرێســـکەیەک نـــان

تێکـــی پێچـــاوە و لە مـــاڵ هـــاتە دەر
دەرچـــوو لە نێـــو دێ ڕێگـــای گـــرتە بەر

ڕۆیـــی تـــا تـــووش بـــوو بە دارســـتانێک
لای‌دا لە ڕێگـــــا بـــــۆ پشـــــوودانێک

لە بـــن ســـێبەری دارێکـــی هەنجیـــر
پـــــاڵی دایەوە مـــــامەڕاوچی پیـــــر

هێنـــدە گەڕابـــوو هێـــزی تیـــا نەبـــوو
تینــــی خۆرەتـــاو وەڕەزی کردبـــــوو

پـــارووِیە نـــانی ویشـــکی خســـتە دەم
بە دەســـتی لەرزۆک دڵـــی پـــڕ لە خەم

لەپـــڕ جریـــوەی مەلێکـــی دەنـــگ‌خۆش
ئەو ڕاوچیـــیە پیـــرەی هێنـــایەوە هـــۆش

چـــــاوی هەڵێنـــــا زۆر بە ئەســـــپایی
تفەنگـــــی پـــــڕ کـــــرد بە دڵنیـــــایی

سـێرەی لـێ گـرت و پێکـای بە جـارێ
بە بـــاڵی شـــکاو مەل کەوتە خـــوارێ

تیـــری تفەنگـــی ڕاوچـــی ســـتەمکار
شـــــکاندی بـــــاڵی باڵنـــــدەی هەژار

گیـا و گـژی بـن دار ئەوەنـدە چـڕ بـوو
کە پیرەڕاوچـــی مەلـــی لـــێ ون بـــوو

مەلـــــی بێچـــــارە بە بـــــاڵی شـــــکاو
هەر چۆنێ بوو خۆی ون کرد لەبەرچـاو

نەیمابـــوو تـــازە هێـــزی هەڵفـــڕین
لە تـــاوی ئـــێش و ئـــازاری بـــرین

لە بەر خـــۆیەوە دەیکـــوت خـــودایە
ئەو هەمـــوو زوڵـــمە کـــوانێ ڕەوایە!

خەمـــی خـــۆم نیـــیە؛ وا بێچووەکـــانم
بەبـــێ مـــن ئەمـــرن، مـــاڵی وێـــرانم

بە جۆرێ ئەشکی ئەڕشـت لە دوو چـاو
کە دڵـــی بەردیـــش بـــۆی ئەبـــوو بە ئـــاو

چـۆن بڵـێم نـاڵەی چەن دڵتەزێـن بـوو
جەستەی لاوازی شـەڵاڵی خـوێن بـوو

لەولاوە ڕاوچـــــی پیـــــری کۆنەســـــاڵ
بە دڵێکی غەمگـین ڕووی کـردەوە مـاڵ

بە دەسـتی خـاڵی، خەمبـار و زەبـوون
هەنگاوەکـــانی شـــل و بێهێـــز بـــوون

دەیکـوت خـودایە ئەوڕۆش وەک ڕۆژان
هـیچم دەسنەکەوت بـۆ مـاڵ و خێـزان

دەبـــێ ئەمشـــەویش وەک دوێنێشـــەوێ
بە زگـــی برســـیەوە خەویـــان لـــێ کەوێ

نێچیـــــر و ڕاوچـــــی هەر یەک لە لایە
دەنـــــاڵێن لە دەس جەوری دنیـــــایە

یەک لە یەک زیـــــاتر فەقیـــــر و هەژار
هەر یەک بە دەردێ دیـــــل و گرفتـــــار

بەڵـــێ لە دونیـــای ئەمـــڕۆی ئـــێمەدا
دڵێکـــی بـــێخەم قەت نـــابێ پەیـــدا

ئەوەی لاتوایە دایـــــمە سەرخۆشـــــە
زیـــــاتر لە ئـــێمە دڵـــــی پەرۆشـــــە

هەر یەک بە جـــۆرێ عـــاجز لە ژینـــین
مەگەر دڵخۆشـــــی بە خەو ببینـــــین

# پیرەڕێوی

ڕۆژێکــی گەرمــی چــلەی هــاوین بــوو
لە ڕادە بەدەر هەتـــــاو بەتـــــین بــــوو

دەڕۆی و لە بەر خــــــۆوە دەیبۆڵانــــــد
بە دەس گەرمـــــاوە بە دڵ ئەیناڵانــــــد

بە زگێکــی برســی و لەشــێکی مانــدوو
لەو دەشـــتە چــۆڵە دەهــات و دەچــوو

چـــی باڵنـــدە بـــوو لەو دەشـــت و دۆڵە
هەمــــوو تۆقیبـــوون لەو ڕێـــویە زۆڵە

چەنـدها هـێلانەی لـێ خـاپوور کـردن
چەنـدە بێچوویـان بە دەسـت ئەو مـردن

ئەوەنـــــدە زوڵـــــم و زۆری کردبـــــوو
ئەوەنـــــدە مـــــاڵی هەژاری بردبـــــوو

لەلای هـــیچ کەســـێ ڕێـــزی نەمـــابوو
ئێســـتاش بە پیـــری هێـــزی نەمـــابوو

تـــا بـــێ و وەک جـــاران باڵنـــدە ڕاو کـــا
بە خـــوێنی ئەوان ورگـــی پـــاراو کـــا

دوور بە دوور لە سەر دارێکی ســـەر ڕێ
هەســـتی کـــرد کەوا دەنگـــی مەلـــێ دێ

بە زاری و شـــــیوەن بە داد و هـــــاوار
بەلەز ڕووی کـــردە باڵنـــدەی ســـەر دار

بە جـــۆرێ کـــردی بە شـــین و گریـــان
دڵـــی بەردیـــش بـــۆی ئەبـــوو بە بریـــان

مەل نەیـــــــــــدەزانی کە ئەو بەڵایە
چ پیلانێکـــــــی لە بـــــــن ســـــــەردایە

خــۆڵی هەڵــدەگرت دەیکــرد بە ســەریا
فرمێســـــکی ببـــوە شــــەپۆلی دەریـــــا

ئەوەنــدە گریـــا و هێنـــدەی قـــوڕ پێـــوا
مەلـــــی بێچـــارە ســـەری لـــێ شـــێوا

بەزەی پێــــــــداهات بە پیرەڕێـــــــوی
بە دڵـــــی زامـــــار و حــــاڵی پەشـــێوی

لە ســــــــــــــــەر دارەوە داگەڕا زەوی
نیشــــتەوە لە ســــەر چڵێکـــــی نەوی

وتـــی چـــی بـــووە ئەی مـــامە ڕێـــوی
کە وا بەم جـــۆرە تـــۆ قـــوڕ دەپێـــوی؟!

ڕێــوی پیــر ئەمجــار هــاتە گفــتوگۆ
هەروا دەیبارانـــــــد فرمێســــــکی درۆ

وتـــــی لـــێمگەڕێ هــــاوڕێی دڵ گەرم
بـــا هێنـــدە بگـــریم هەتـــاکوو دەمـــرم

چلـــۆن نەگـــریم و نەدم بە ســـەرما
چـــۆن منـــی زاڵـــم نەمـــرم لە شـــەرما

هەمـــوو ژیـــانم زوڵـــم و ســـتەم بـــوو
ئەوەی چـــاکە بـــێ لە دنیـــا نەمبـــوو

دەروونـــــم هەمـــــوو زام و بـــــرینە
هەر کەس دەبیـــــنم لە مـــــن بەقیـــــنە

پیـــر بـــووم و پێـــیەک لە لێـــوی گـــۆڕم
گەرەکـــــمە بـــــاری ژیـــــنم بگـــــۆڕم

لە ڕابـــردووی خـــۆم زۆر پەشـــیمانم
بەڵام داخەکەم تـــــــۆبە نـــــــازانم

ئەوەنـــدەی هەڵڕشـــت فرمێســـکی درۆی
مەلـــی بێچـــارە دڵـــی ســـووتا بـــۆی

کـــوتی بـــا بەس بـــێ شـــین و ناڵەنـــاڵ
ئیـــــتر لەوڕۆوە دەبیـــــنە هـــــاواڵ

دەزانـــــــــم تــــــــــازە لەمە بە دواوە
زوڵــــــم کردنـــــــت خســــــتۆتە لاوە

تــۆبەش بە چــاوان خــۆم فێــرت ئەکەم
خــودا دەتبەخشــێ چیــدی مەخــۆ غەم

بە بـــاڵ لێــــدانێک لە دار هـــاتە خـــوار
دانیشــــت لە بەردەم ڕێـــوی تۆبەکـــار

کـــوتی وەکـــوومن چـــاو بقـــووچێنە
بەرەو ئاســــمان دەســــتت هەڵێــــنە

بڵـــــێ خـــــودایە زۆرە گونــــاهم
بمبــــوورە بۆخـــۆت کە ڕووســــیاهم

کـــاتێ بەســــترابوو هەر دوو چـــاوانی
مـــــامڕێوی هەلـــــی بە دەرفەت زانــــی

پەلامـــــــاری دا زۆر بە دەســــــــتوبرد
بە یەک قەپ سەری لە لەش جـودا کـرد

مەلــی بێچــارەی گەوزانــد لە خوێنــا
بەم جــۆرە تــۆبەی خــۆی بەجــێ هێنــا

***

کەســێ کە خــوێن بــێ تەنیــا بژیــوی
بــۆچی مــن و تــۆ بخــۆین فریــوی؟

کەســێ کە عــومرێ خــوێنی ڕشــتبێ
هەزاران کەســی وەک تــۆی کوشــتبێ

زەڕڕەیەک ڕەحـــم لە دڵیـــا نەبـــێ
تــازە بە پیــری چلــۆن چــا دەبــێ؟!

باڵنـــدەی دامـــاو ئەوەی نەزانـــی
بـــۆیە بە فیـــڕۆ دۆڕانـــدی گیـــانی

لە ئاســتی دوژمــن چــاوت ببەســتی
بۆخــۆت گیــانی خــۆت دەنێــیە دەســتی

# چوارخشتەکی

نـــازت دڵانـــی شـــەیدا کـــردووە
ســەد لاو لە تــاوی جوانیــت مــردووە
«ئەوەنــدە شــیرنی، پــێم‌وا بە جێــی شــیر
لە مەمکی دایـک شـەکرت خـواردووە»[١]

***

تــا کەی لە دووریــت بەشــم ڕۆڕۆ بــێ
هەر نــاڵەم لە دەس جەوری ئەتــۆ بــێ
گــوڵم ئەوەنـــدە مەشـــکێنە پەیـــمان
کچــی کــورد نــابێ عەهــدی درۆ بــێ

***

[١] ئەو بەیتە هی سەعدی شیرازییە و لە فارسییەوە وەرگێڕدراوە.

بە سـوزی دڵ و ئەسرینـی چـاوم
هەمـوو تـواوە جەرگ و هەنـاوم
نە بۆخـۆت جـارێ هـاتیە سـەردانم
نە کەس لێـی پرسـیم بـۆ وا سـووتاوم!

***

تـۆ کە ئەوەنـدە نـازدار و جـوانی
قیـبلەی ئەوینـی هەرزەکـارانی
زۆر عەیـبە بـۆ تـۆ پەیـمان شـکاندن
تـۆ کە سـەرتۆپی گـش کوردسـتانی

***

لە بەر چـاوانم ون بە بێ‌مـروەت
بە تیری جەفات جەرگـم بـوو لەت‌لەت
خـۆزگە ڕۆژێ بـێ ڕووڕەشـی ناپـاک!
بە جـوانەمەرگی بتنێـنە ژێـر خـاک

***

شـیوەن و گریـان چـی لە دەسـت نـایە
ئەوەنـدەم خەفەت لە نـاو دڵایە
بـۆیە لە جیـاتی شـین و هـاوارم
پێکەنیـنم دێ بە حـاڵی زارم

***

بێـــزم هەڵدەســـتێ لە ئەو مـــرۆڤەی
بـۆ مــاڵی دونیـا و بـۆ پـارە دەمـرێ
تەنیـــا ئـــارەزووم بـــزەی لێـــوێکە
لە لایەن تـــۆوە پێشکەشـــم بکـــرێ

***

وەک مــانگی چـاردە دێـتە بەر چـاوم
کـــوڵمەت لە نێـــوان زولفـــی ڕەشـــتدا
کـوانێ مانگەشــەو هێنـد دڵڕفـێن بـوو
تـۆ لە جـوانی خـۆت کەمـێ بەشـت دا

***

«کـــاتێ کە پـــێم نـــا ســـەر ئەم دنیـــایە
لە پێش هەموو شت فێر بووم مەم مـژین
بۆیە پێم خۆش نییە قەت دەس هەڵگـرم
لەو کـــارە خۆشـــە تـــا مـــابم لە ژیـــن»[1]

---

[1] لە فارسییەوە وەرگێڕدراوە و شێعری جەعفەر خاکشیرە.

# ڕەشبەڵەکی ژیان

خــۆزگە دەتزانــی کــاتێ کە بــێ تــۆم
چــۆن دێــتە دەرێ لە جەســتە بۆســۆم

گریــــانە هەردەم میــــوانی مــــاڵم
لەگەڵ پێکەنــــین لەمێــــژە نــــامۆم

بــێ یــار و هــاودەم بــێ ئــاواڵی ڕێ
بە کــــویرە ڕێگــــای ژیانــــا دەڕۆم

دەســتێ نەبــوو قەت بــۆ دەســتی تەنیــام
لە شــــایی ژیــــان هەمیشــــە بــــێ دۆم

چەن بــێ ئەســتێرەن شــەوانی عــومرم
هەوری ڕەشــــی خەم تەنیــــویە ئاســــۆم

پاشــــی مــــردنیش هێنــــدە غەریــــبم
هەر دڕک و داڵە لە بــــانی گڵکــــۆم

# من وەک تۆ نیم

سوێند بەو پەیـمانەی لەگەڵ تـۆ بەسـتم
تـــا ڕۆژی مــــردن هەر دەتپەرەســـتم

ئەمــن نــاتوانم قەت وەکــوو تــۆ بــم
وەکـــوو تـــۆ فێـــری فێـــڵ و درۆ بـــم

هەرچەند من لە تۆ هـیچ خۆشـیم نەدی
هەرچی خەفەت بـوو بـۆت هێنـامە دی

قەولــت پــێ دابــووم تــا ئــاخر نەفەس
لە نـــاو دڵتـــدا جـــێم نەدەی بە کەس

هەمـــوو بەڵـــێن و عەهـــدت درۆ بـــوو
مـــایەی پەژارەم تـــاوانی تـــۆ بـــوو

نەتهێشـــت لە ژیـــنم خۆشـــی ببیـــنم
بـــوویە باعیســـی گریـــان و شـــینم

مـــن لە تـــۆ دڵگیـــر نەبـــووم و نـــابم
گەر هەزار هێنـــدەش بـــدەی عەزابـــم

لە نـــاو دڵمـــدا هەر خۆشـــم دەوێـــی
بەهەشـــتی مـــنە ئەو جێـــیەی لەوێـــی

# شەوانی بێ تۆیی

ئەو کاتەی کە شەو دەزرینگێتەوە
ئەو دەمەی مانگ و ئەستێرەکانیش
شەو و بێدەنگی وەزەڕی کردوون
کز دەبێتەوە شۆقی ئەوانیش

ئەو دەمەی لاوی دڵتەڕی عاشق
ژوان بەجێدێڵێ و بۆ ماڵ دێتەوە
دێتەوە تاکوو ئەگەر بتوانێ
بۆ چەند سەعاتێک سەر بنێتەوە

ئەو دەمەی کەوا کوندی شوومی شەو
لە کووچە و شەقام خەم دەبارێنێ
گەرەکیە دنیا گشتی وێران بێ
لە هیچ دڵێدا خۆشی نەمێنێ

ئەو دەمەی کە تـــۆ لە باوەشـــی یـــار
لە نێــو خەوێکــی قــورس و گرانــدای
لەشـــت فرۆشـــتوە بە مـــاڵ و ســـامان
وەک مـــار هـــاڵاوی لە بەژن و بـــاڵای

لەو دەمـــانەدا مـــن و دڵـــی شـــێت
بە یـــادی تـــۆوە هەر دوو بێـــدارین
لە نێــو ژوورێکــی تاریــک و چۆڵــدا
بە دوو چاوی ســوور ئەسریــن دەبـارین

بەڵام لـــێم گەڕێ بـــا دڵنیـــات کەم
پێــت وانەبــێ قەت خەم بــۆ تــۆ دەخــۆم
نە بیـــــرم لە لای ئەوینـــــی تـــــۆیە
نە چــــــاوەڕوانی گەڕانەوەی تــــــۆم

کە تـــــۆ دەتـــــوانی وا بە ئاســـــانی
پێشــێلی بــکەی عەشــق و ئەویــنم
منــیش دەتــوانم وەکــوو ئــاوخواردن
بیـــــرەوەری تـــــۆ دەرکەم لە ژیـــــنم

بـــــۆیە شـــــەوانە شـــــین و ڕۆڕۆمە
پەرۆشـی حـاڵی خـۆمم کە وەک شـێت
دڵێکـــــی پـــــڕ لە ســـــۆز و ئەویـــــنم
بە دەست خۆم هێنا و دامنا لە ژێـر پێـت

# شێتی

ســــــــاقی دەخـــــــیلم وەرە
عەقـــــڵ و هۆشـــــــم لابەرە

بــــــا لە ســـــایەی بێهۆشـــــی
منــیش هەســت کەم بە خۆشـــی

بە جـــــامی پـــــڕ لە بــــــادە
بیـــــر و هۆشــــــم بە بــــــا دە

زانیــــــــــومە لەم دنیـــــــایە
زانـــــــین بە کــــــارم نـــــایە

مەیگێـــــڕ پـــــڕکەوە جـــــامم
دەروون پڕپــــــــڕ لە زامـــــــم

ئەمشـــــەو بە پێـــــک و پیـــاڵە
مەســــتبوونی مـــــن مەحـــاڵە

شـــــەرتە هێنــــده بنۆشـــــم
نەمێنـــــێ بیـــــر و هۆشــــم

بـــــا ئەم گریـــــان و شـــــینە
دەرکەم لە مڵکـــــــی ســـــینە

منـــــیش بە وێـــــنەی عـــــالەم
گـــــــــوێ نەدەمە دەرد و غەم

بە مـــــن چـــــی ئەم دنیـــــایە
پـــــــڕ لە شـــــــەڕ و هەرایە

پـــــــڕە لە پیـــــــاوی هەژار
کە چینـــــــی ســــــەرمایەدار

بە خـــــوێنی ســـــووری ئەوان
مەســــــتن بە ڕۆژ و شـــــەوان

تـــــا کەی بە ڕۆژ و بە شـــــەو
بخـــــۆم خەمـــــی ئەم و ئەو؟

خەمـــی چیـــتە دڵـــی مـــن؟!
هەتـــا کەی خەفەت خـــواردن؟!

تـــــاکوو عەقڵـــــت بمێنـــــێ
خەم وازت لـــــێ نـــــاهێنێ

وەرە پێکێـــــــک بخـــــــۆوە
بە مەی عەقڵـــــت بشـــــۆوە

مەیخـــــــانە چـــــــاوەڕێتە
دنیـــــا بە کـــــامی شـــــێتە

# شەوێکی نامۆ

شەو بوو، شەوێکی درەنگ
ناو دێ تاریک و بێدەنگ
زەوی هیلاک و ماندوو
ئاسمان خەمبار و دڵتەنگ

کانیی قەراغی ماڵان
شوێنی ڕوومەتبەخاڵان
چۆڵ بوو، بە دڵێکی پڕ خەم
دەگریا وەک مناڵان

کوندێک هەتا بەیانی
بە عادەتی شەوانی
دوعای نەمانی دەخوێند
بۆ خەڵکی ئاوەدانی

هەورێکـــــی ڕەش لە ئاســـــمان
بە خـــــورِ خەمـــــی دەبـــــاران
دەنگـــی کونـــدی شـــوومی شـــەو
خەوی لە چـــــاو ئەتـــــاران

جارجـــــــارە ناڵەناڵێـــــــک
بەرز دەبـــــــوو لە ماڵێـــــــک
لاوێ فرمێســـــکی دەڕشـــــت
بە یـــــــادی چاوکەژاڵێـــــــک

گەلـــــێ نـــــامە و دیـــــاری
کە جێمـــــابوون لە یـــــاری
لەگەڵ ئەوا دەیانڕشـــــــــــت
فرمێســـــکی شـــــەرمەزاری

کـــــاتێ بە دڵ ئەیناڵانـــــــد
دڵـــــی شـــــەوی دەلەرزانـــــد
لە بێکەســـــــی و تەنیـــــایی
یادگاریەکـــــانی دەدوانـــــد

هەر وا بە بـــــــــــــێقەراری
دەیکـــــوت بە شـــین و زاری:
کە خــۆت نەبــوویە هـــاوڕێم
چ بــــــکەم لە یادگـــــاری؟

هەر شـــەو دەبــێ تـــا بەیـــان
مـــن و دیـــاری و نامەکـــان
بگـــرین و شـــیوەن بکەیـــن
بە یـــادی عەشـــقی جـــاران

عەشــقت تـــا ڕۆژی مەحشـــەر
لە ســـــینە نـــــــاچێتە دەر
ژینێکـــــــی وا خەمـــــاوی
بــێ تــۆ چلــۆن بەرمە ســەر؟!

***

بەیـــــانی کە خـــــۆر هەڵات
دنیـــا یەکســـەر کـــش و مـــات
مـــــــاڵێکی چـــــــۆڵی لادێ
بـــۆنی مەرگـــی لـــێ دەهـــات

لە یادگـــــاری و نامەکـــــــان
نەمـــــابوو نێـــــو و نیشــــان
تەنیـــــا کەمـــــێ خەڵـــــووز و
لەشـــێکی ســـاردی بێ گیـــان

# جوانی دەستکرد

جــــوانیی تــــۆ فەقەت چـــاو و بــــرۆتە
ئەوانــیش هەمــوو دەســـتکردی خــۆتە

کوڵمەت کە هەر وەک بەفـری کوێسـتانە
بــێ ئەو «کــرێمە» کــوا هێنــدە جــوانە!؟

بە هـــۆی «مـــاتیکە» کە لێـــوت ئـــاڵە
هەمـــوو دەســـتکردن ئەو خەتوخـــاڵە

سەرگۆنەت بە هۆی «ڕۆژگوونە» سوورە
وەگەرنە بۆخـــۆی کـــاڵ و بێنـــوورە

ئەو جــوانیەی کە تــۆ خنکــاوی تێیــدا
هەمــووی دەشــۆرێ بــارانێ لێــی دا

جــوانیی هەرکەسـێک کــردەوەی چــاکە
دڵـــی بـــێگەرد و دەروونـــی پـــاکە

نەک جــوانی چــاو و برژانــگ و بــرۆ
ئەویــش بە زەبــری «ڕمێــڵ» و «تــاتۆ»

وەفــا بە عەهــد و بەڵــێن و پەیــمان
شەرتە بۆ عاشق، نەک ڕوخساری جـوان

ئەوانە دەبـــــنە مـــــایەی جـــــوانی
بەڵام داخەکەم درەنگـــــــم زانـــــــی